# پێکەنین بۆ ئەوان و..
# فرمێسکیش بۆ ئێمە!



**شێرزاد عەبدولڕەحمان**

* لە ئادەم و حەواوە، تا بە ئەمڕۆمان دەگات، بەدرێژایی هەزاران ساڵ، هەروایە، پێکەنین بۆ هەندێکەو.. گریانیش بۆ هەندێکی دی..

* ئەوانەی لە ناخەوە پێدەکەنن، نازانن مانای فرمێسک رشتن چییە، فێرنەبوون بسووتێن، ئازاری ژان و مردنیان نەچێشتووە، ژیانیان هەر سێبەربووەو پێیان گوناە بووە لەبەر- رۆژ- بووەستن، چونکە بڕوایان بە سووتان نییەو لە ئەزەلەوە فێرنەبوون لە مانای تۆرانی خەڵک و ژانە گەورەکان بگەن کە پێدەکەنن، وادەزانن دنیا فەرشێکەو هەتا هەتایە بۆ ئەوان راخراوە، بۆیە بە خەم و ئازاری خەڵک میزاجی چوکلێتانەی خۆیان تێک نادەن!.

* ئەوانەی پێدەکەنن هەمیشە وا راهاتوون، گوڵە گەنمەکان سەربڕن، باکیان بەوە نییە سەربڕینی گوڵە گەنم چ گوناهێکە.. بۆیە، تەوق دەخەنە گەردنی (بێ دەسەڵاتان) و وەکو هەویر دەیانشێلن و باکیان بەهەناسەی گەرمی ئەوانە نییە کە دڵیان تەندووری ئاگرەو، وەکو ئەوان حەزیان لە پێکەنین و زەردەخەنە جوانەکانە.

* لەوەتەی ئەم کەونە هەیە، مرۆڤ هەیە دەگری و هەشە پێدەکەنێ... بەڵام قەت وەکو ئەم رۆژگارە وەیشوومە نییە، کە ئەو کەسانەی پێدەکەنن، ئەوەندە نەگریس بن، حەز بە(توانەوە)ی بێ دەسەڵاتان بکەن کە هیچیان نییە، بێجگە لە **(خوا)** کە لێی بپاڕێنەوە بەشێک لە پێکەنینیان بداتێ و نازانن لە خوا بەولاوە روو لە کوێ کەن کە ئیتر گریانیان ببڕێتەوەو دڵیان ژەنگی هەڵێناوە لە ئازاری گریان.

* .... بەڵام ئەوانەی زۆر پێدەکەنن، تەمەنیان کورتترە لەوانەی کە دەگرین.. ئەوان یەکەم کەسن، کە دەزانن پێکەنین و زەردەخەنەکانیان چەندە درۆزنانەیەو.. کۆتایی دێ.

* بەیانییەکی زوو دەهاتمە ئەم گۆڤارە، بەدەم رێوە، دەیان دەم و چاوم دی فرمێسکیان لە چاو مابوو.. بەڵام ئەوانەی پێدەکەنن، کەمم لەوان دیتن، چونکە زەحمەتە لە ئەرز بیان بینیتەوەو مەگەر لە ئاسمان بژین!.

* .... کە فیکرەی ئەم نووسینەم بۆ مرۆڤێکی زۆر نزیک لە خۆم خوێندەوە... گوتی، لە کۆتاییا ئەوەش بنووسە، کە رۆژێک دێ ئەوانیش دەگرین، بەڵام گریانێکی زۆر ناشیرین..